# له یادی رۆژنامەگەری کوردیدا

## سڵاو له سەندیکای رۆژنامەنووسانی کورد له کوردستان

## و له نووسینگەی دەرەوە له ئەوروپا

## باجی رۆژنامەنووسیەکەم بخەنە پەرداخێ ئاوەوە و ئاوەکەی بخۆنەوە

نووسینی ڤینۆس فایەق

هێشتا بیرم نایەت وتارێکم نووسیبێ راستوخۆ ناوی کەسێکم بردبێ و بە مەبەست توانجێکم تێگرتبێ ، لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی تاقەتی ئەو گێژاوانەم نیە و کاتم بۆیان نیە و چونکە کارکردن بۆ میللەتەکەم لا زۆر پیرۆزتر بووە ، مەگەر کەسێک بە تایبەت ناوی بردم و وەڵامم دابێتەوە..
بە هەر حاڵ زۆرم هەوڵدا بۆ بۆنەی یادی رۆژنامەگەری کوردی ئەمساڵ شتێ بنووسم ، بەڵام لە جیاتی ئەوەی لەو میانەیەدا ئەینووسم لەوانەیە ساڵی داهاتووش بێت بتوانم بینووسم ، بەباشم زانی لە رێی ئەم وتارەوە بەو بۆنەیەوە ئەمساڵ سڵاوێک ئاڕاستەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کورد لە کوردستان و "لقی" دەرەوە لە ئەوروپا "لەلەندەن" بکەم..
هەڵبەتە ئەمجارە هەندێ سنوور هەڵگرم و ناوی هەندێ کەس ئەبەم ، و بەسەرهاتی "لق"ی رۆژنامەنووسانی دەرەوە باس ئەکەم ، لەبەر دوو هۆ: یەکەم بۆ ئەوەی وەک مێژوو بمێنێ ، دووەم: لەبەر ئەوەی کەس خۆی هەڵنەخەڵەتێنێ وابزانێ خەڵک هەن هێند سادە و ساویلکەن گاڵتەیان پێئەکرێ ، بێدەنگبوونیشم ئەم ماوەیە تەنها بۆ ئەوەبوو رێزم لە خۆم و لە قەڵەمەکەم گرتبوو ، بەڵام بێدەنگبوونیش سنووری هەیە!!
رۆژیک لە رۆژەکانی مانگی تەمووزی ساڵی 2004 کاک ناجی ئاکرێی نووسەری بەڕێز لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا پێی راگەیاندم گوایا مشتومڕی دامەزراندنی لقی ئەوروپای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کورد بەڕێوەیە ، بۆ ئەو مەبەستەش داوای لێکردم رەزامەندی خۆم دەربڕم سەبارەت بە بوون بە ئەندام لە لێژنەی دامەزرێنەری لقی دەروەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەوروپا ، منیش زۆر مەبەستم بوو بزانم لەسەر چ بنەمایەک من دەستنیشان کراوم ، چونکە بێ شک ئەزانم ئەو شتانە هەرگیز دوورنابن لە حیزبایەتی و لیست و لیستکاریەوە ، ئەوەی تێی گەیشتم دوایی ئەوەبوو گوایا هەر یەک لە ئەندامانی لقی دەروە هەرووەک چۆن لە ناوەوە بووە ، لەسەر بنەمای حیزبایەتی دەستنیشانکراون ، منیش داوامکرد من بە سەربەخۆ دانرێم ، وتیان باشە ، بەڵام واتر وانەبوو چونکە منیان لەسەر لیستی یەکێتی حیساب کرد ، هەڵبەتە ئەوە شەرەفێکی گەلێ گەورەبوو بۆ من ، هەرچەندە حەزم بەوە نیە بلکێنرێم بە هێچ حیزبێکەوە!!!
بە هەر حاڵ ئەندامانی لێژنەی دامەزرێنەری لقی دەروەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کورد لە ئەورەپا دەستنیشانکران ، کە بریتی بوون لە:

ناجی ئاکرێی (هۆڵەندا – سەربەخۆ)

کوردە ئەمین (سوید – ؟؟؟)

هادی مەحموود (هۆڵەندا–سەربەخۆ)

**شێرکۆ حەبیب (لەندەن-پارتی)**

**عەونی داوودی-؟؟؟) ،**

**سماعیل بالیسانی (لەندەن-ئیسلامی)**

**ڤینۆس فایەق (هۆڵەندا- بەزۆر یەکێتی)..**

**کۆبوونەوەی یەکەممان لە ئێوارەی 24ی ئابی 2004 لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت (پاڵتاڵک) سازدا ، بە ئامادەبوونی گشت ئەندامان جگە لە (ئیسماعیل بالیسانی) چونکە تا ئەو کاتە ئەگەڕان بەدوای ئیسلامیەکدا بۆ ئەوەی دڵی ئیسلامیەکان لە خۆیان زویر نەکەن..**

**لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا:**

- **پەیوەندی بکرێت بە هەموو رۆژنامەنووسانی نیشتەجێی دەروەی کوردستان ، بەتایبەت ئەوروپا بۆ بوون بە ئەندام لە لقی ئەوروپا.**
- **شێرکۆ حەبیب ئیشارەتی بەوەدا کەوا هەموو رۆژنامەنووسێک باجێکی رۆژنامەنووسی بە خۆڕایی بۆ ئەکرێت ، و لە هەمان کاتدا باجی سەندیکای رۆژنامەنووسانی جیهانی بۆ ئەکرێت بەرامبەر بڕ 10 دۆلار..**
- **هەر لە ((لە کەش و هەوایەکی دیموکراسیدا)) کار و لێپرسراوێتیەکان دابەشکران ، ئەوەبوو کوردە ئەمین کرا بە لێپرسراوی پەیوەندیەکان لە سوید و ئەوروپا و پەیوەندی کردن بە رۆژنامەنووسە عەرەبەکانەوە ((لە پێناو بەرژەوەندی رۆژنامەگەری کوردی و دۆزی کورد)) ، هەروەها ڤینۆس فایەق هەڵبژێردرا بە (سکرتێری لق) دوای ئەوەی (زانرا) شێرکۆ حەبیب لە کوردستانەوە دەستنیشانکراوە بە ((سەرۆکی لیژنەی دامەزرێنەر)) ، چونکە ئەندامی هەمان لیستەکەی سەرۆکی سەندیکاکەیە لە کوردستان..**

**کۆبوونەوەی دووەم ئێوارەی 10ی سێپتەمبەری 2004 ئەمجارە لەبەر کێشەی ئەندامان لە تۆڕی پاڵتاڵک لە ژوورێکی (یاهوو) بەسترا ، کە تیایدا بۆ یەکەم جار (ئیسماعیل بالیسانی) ئامادەبوو بەناوی ئیسلامیەوە ، لە کۆبوونەوویودا:**

- **هادی مەحموود دەستنیشانکرا بۆ لێپرسراوێتی کاروباری دارایی.**
- **ناجی ئاکرێی بە لێپرسراوی پەیوەندیەکانی دەروەی لیژنەکە .**
- **عەونی داوودی لێپرسراوی پەیوەندیە رۆشنبیریەکانی لیژنە.**
- **ئیسماعیل بالیسانیش لێپرسراوێتی پەیوەندیە نیشتیمانیەکان و پەیوەندی کردن بە پارتە ئیسلامیە کوردستانیە عیراقیەکانی لەلەندەن پێسپێردرا.**

**بێگومان لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا تەئکید لەوە کرایەوە کەوا پەیوەندی بکرێ بە رۆژنامەنووسە نیشتەجێکانی ئەوروپا بۆ ئەوەی ببنە ئەندام لە لقی ئەوروپا ..**

**هەتا ئێرە ئەوە دەقی راپۆرتی ئەو دوو کۆبوونەوەیە بوو کە بەسترا و بەندە نووسەری ئم بابەتە بە دەستوخەتی خۆی نووسیویەتیەوە لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا و دواتر چاپم کردووە بەسەر ئەندامەکاندا لە رێی ئیمێڵەوە دابەشم کردووە و رای خۆیان لەسەرداوە ، هەموویان ئیستا لایانە..**

**بەهەر حاڵ ئەوەی ئەمەوێ لەگەڵ سڵاوێکدا لەم وتارەدا بینێرم بۆ خوێنەران و بۆ خاوەن شەئنەکان ئەویە هەموو ئەوانەی کە بەشداریمان کرد لەوکۆبووونەوانەدا هیچمان نەمنداڵبووین ، نەگێلبووین گاڵتە بە عەقڵمان بکرێ ، هەر نەکرێ من باس لە خۆم و ئەو کەسانە ئەکەم کە پەیوەندیم پیوە کردن و**

زانیاری و وێنەم لێوەرگرتن و داواملێکردن ببنە ئەندام ، چونکە بێدەنگبوون لە هەموو ئەوەی روویدا و ئەو دوو کۆبوونەوەیە و باسنەکردنی و پەیوەندی نەرکردن بەکەسیانەوە و دامەزراندنی لقی ئەوروپا لە کونفەیەکوونێکدا و هەروەک ئێمە منداڵ و مەزن بووبین بانگکراین بۆ کۆبوونەوە و دواتر لێمان نەپرسرایەوە ، ئەوانە هەمووی کارێکی زۆر ناشرین و ناشارستانی بوو ..

ئەوەبوو ، دوای کۆبوونەوەی دووەم شێرکۆ حەبیب دیارنەما ، وتیان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان بە ئومێدی ئەوەی (مەنسەب)ی بدرێتێ ، دوای چەندین هاتووچۆ (مەنسبە) نەدرا ، بۆ ئەوەی دڵشکاو نەینێرنەوە بۆ لەندەن ، کرایە لێپرسراوی نووسینگەی ئەوروپای رۆژنامەنووسانی کورد لە ئەوروپا کە بارەگاکەی لە لەندەنە و تەنها خۆی (کل فالکل)ە ..

ئەگەر ئیستا جەلالدەت بەدرخان بمابا و ئەم دۆسیێەم بخستابا بەردەستی بێ شکم لەوەی ئەو زاتە وەک کەسێکی زانا و خاوەن هەڵوێست و دوور لە هەموو ململانێکان چارەسەری ئەکرد ، هەرنەبێ ئەو کاتەی جەلالدەت بەدرخان نە رەنگ هەبوو ، نەحیزب هەبوو نە بەش بەشێنە ، نەوڵات بەشە بەش کرابوو ، ئەشلێین دوژمن وڵاتی دابەش کردووە ، باوەڕم وایە ئەگەر کوردستانی گەورە بکەوێتە دەستی کورد خۆیەوە ، هەر کەڵە رۆژنامەنووسەکانی ئیستا بەڕێوەبەرایەتی و سەرکردایەتی سەندیکای رۆژنامەنووسان ئەکەن بە نووسین دایئەپاچن و لەت پەتی ئەکەن ، دەنا بە ریشی کێ رەوایە غەیری کورد دەستی رێزمان لێبنێت و کورد خۆی چەقۆ بگرێت بەدەستەوە و برینداری بکات و سووکایەتیت پێبکات .. ئا ئەوە مێنتاڵیتی (عەقڵیەتی) کەڵە رۆشنبیرەکانی کوردە..

ئەوە ئەگەر لە ئەوروپا رووبدات بە هیچ شێوەیەک قبووڵ ناکرێ ، نەوەللا شێرکۆ حەبیب ئەوە هەرناتوانێت و بۆی نیە ئەوە لەگەڵ ئەورووپیەک بکات ، چونکە عەقڵیەتی هەندێ کەس وایە چاوی کەنناسێکی ئەوروپی زۆر گەورەتر لە کوردێکی دڵسۆز ئەبینێت..

ئەوەبوو ئەو کەسانەی پەیوەندیم پێوە کردبوون و فۆرمی بوون بەئەندامیان پڕ کردبۆوە و چاوڕوان بوون هەموو رۆژانە پرسیاریان ئەکرد ، هەتا مانگی هەشت/ئابی **2005** چووم بۆ لەندەن بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی دەستوور بۆ ئەوەی موحازەرەیەک پێشکەش بکەم لە کۆنگرەکەدا ، ئەوەبوو تەنها دوو رۆژ پێش چوونم بۆ لەندەن کە شێرکۆ حەبیب بیستبووی ئەچم بۆ لەندەن تەلەفۆنی بۆ کردم داوای کرد هەموو ئەو داواکرایانەی لامە بە زانیاریەکانەوە بیبەم بۆی بۆ ئەوەی کاروباری ئەندامێتی بۆ خاوەنەکانیان تەواو بکات و باجەکانیان بۆ دروستبکات و بیداتەوە دەستم بۆیان بەرمەوە ، بەڵام شێرکۆ حەبیب هەر ئەو شێرکۆ حەبیبە بوو کە داواکاری و زانیاری و وێنەکانم دایە دەست ، ئیتر سەری مەسەلە نرایەوە و کەس نەیزانی چی بەسەر هات..

پاشان بە ئیمێڵ پەیوەندیم کرد بە فەرهاد عەونی کە دواتر زانیم گوایا ((خاڵی یان مامی شێرکۆ حەبیە جگە لەوەی ئەندامی هەمان لیستی زەردن)) و داوام لێکرد بزانم لقی ئەوروپای سەندیکاکە چی بەسەر هات ، جەنابی لە جیاتی ئەوەی وەڵامم بداتەوە و پردێک لەمابەینی رۆشنبیرەکاندا دروستبکات کە لە درەگای ئەدەن ، نامەکەی حەواڵەی شێرکۆ حەبیب کردبوو ، گوایا لە کاروباری ئیداری ئەزانن ، ئەوبوو شێرکۆ حەبیب وەڵامی دامەوە ، **10** تا **12** دێڕێ ریز کردبوو ، لە کۆی هەموو پێی وتم: تەنها نووسینگەی دەرەوەی (ئەوروپا) هەیە ، و شێرکۆ حەبیب لێپرسراوێتی..

ئینجا تا ئەو کاتەی ئەو نامەیەم بەدەست گەیشت ، داواکاری و ژیاننامە و وێنەیەکی خۆم بە برادەرێکدا ناردبۆوە بۆ کوردستان ئەوەی باجی رۆژنامەنووسیم بۆ بکەن ، لە هەولێر ناردبوویان بۆ سلێمانی و لەوێوە بۆ هەولێر و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا ، بۆ لای شێرکۆ حەبیب..
بەداخەوە کاک لوقمان بەرزنجی رۆژنامەنووسی نیشتەجێی ئەڵمانیا لە سەردانەکەیدا بۆ کوردستان ماوەیەک لەمەوبەر لە دڵسۆزی خۆی بەدوای مەسەلەی باجی رۆژنامەنووسیەکەم کەوت و لەوێشەوە لای کاک کاوە محممەدی سەرنووسەری رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)وە تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ هۆڵەندا وتی کەوا باجەکەم لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەهێنێتەوە ، ئەوەبوو هاتەوە و لە نامەیەکی ئەلەکترۆنیدا بۆی نووسیم گوایا بۆ ئەو مەبەستە ئەبێت پەیوەندی بکەم بە شێرکۆ حەبیبەوە لەلەندەن ، من نازانم بۆ ئیستا کەڵە پیاوە رۆشنبیرەکانمان بە ناوی ژنێکی بەهرەمەند و چالاک رائەچڵەکن و دڵەلەرزەیان پێئەکەوێت؟؟
بە هەرحاڵ ئەوەی مەبەستمە لەم نووسراوە ئەوەیە ئێمەی کورد هەرگیز فێر نابین دامودەزگای مەدەنی و شارستانی پاک دروست بکەین لەسەر بنەمای خۆشەویستی و خزمەتکردن ، نەک لەسەر بنەمای حیزبایەتی و ملشکاندن و پاشقولگرتن ، بەڵام ئەمجارەیان پاشقولی رۆژنامەنووسی ، بەداخەوە حەز ئەکەم بە هەموو ئەوانە بڵێم کە خۆیان لە نووسینەکەم پێئەگەن ، ئێمە کەسمان منداڵێک نەبووین هەڵمانخەڵەتێنن بە دوو کۆبوونەوەی هەتیو و پاشان نەپرسنەوە ، ئەوە رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی پێناوترێت ، ئەوە تێنەگەیشتووی پێئەوترێت لە هەموو عورفەکانی مامەڵەکردن لەسەر بنەما ئەخلاقی و ئینسانی ، و نەزانیە بە هەموو بنەما و عورفە ئەدەبی و رۆژنامەوانیەکان..
هەر لەرێی ئەم نووسینەوە بەو بەرێزانە رائەگەیەنم کە لەڕێی منەوە داواکاری بوون بە ئەندامیان پێشکەش کردبوو داوای لێبوردنتان لێ ئەکەم ئەو حاڵ مەسەلەیە..

*تێبینی:
دەقی هەردوو کۆبوونەوەکەم لایە ئەگەر پێویست بکات بڵاوی بکەمە..